هەرکەسێک سەلامم لێبکات، ئەوا خوای گەورە ڕۆحم دەکاتەوە بەبەردا بۆئەوەی وەڵامی سەلامەکەی بدەمەوە

لە ئەبی هوڕەیڕەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «هەرکەسێک سەلامم لێبکات، ئەوا خوای گەورە ڕۆحم دەکاتەوە بەبەردا بۆئەوەی وەڵامی سەلامەکەی بدەمەوە».

[ئیسنادەکەی (حەسەن - باش)ە] [(أبو داود وأحمد) ڕیوایەتیان کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە ڕۆحی بەبەردا دەکرێت بۆئەوەی وەڵامی سەلامکردنی هەرکەسێك بداتەوە کە سەلامی لێکردووە؛ ئینجا ئەگەر نزیك یان دوور بێت، وژیانی بەرزەخ وگۆڕ شتێکی غەیبی ونەبینراوە، وتەنها الله حەقیقەتی دەزانێت، وئەو لەسەر کردنی هەموو شتێك تواناداڕە.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/6222